**"بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان"، بریتین لەو باسانەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ، لە نێو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، مشتومڕی گەرم و بێنەوبەردەی زۆری لەسەر بوو، لەسەر بابەتگەلێکی گرنگ و چارەنووسساز، بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. ئەم بەڵگەنامانە هەندێکیان نووسراونەتەوە ، هەندێکی تریشیان شەفەییە و تۆمارکراوە. ئەو بەڵگەنامانەی کە نووسراونەتەوە، ژمارەیان 220 باسە، ئەو باسانەی دەربارەی مەسەلەی ڕابەریین، پێش کۆچی منصور حکمت، برتیین لە 33 باس، ئەو باسانەی دەربارەی هەمان مەسەلەن و دوای کۆچی منصورن، ژمارەیان 32 باسن، ئەو باسانەی دەربارەی نافەرمانی مەدەنی (یاخیبوونی مەدەنی) و مسۆگەرکردنی کورتماوەی ڕابەری حیزبن 6 باسن، ئەوانەی دەربارەی حیزب و سەرنگوونی کۆماری ئیسلامین 70 باسن و ئەوانەی دەربارەی شوران 79 باسن.**

**ئەو بەڵگەنامانەش کە بە شێوەی شەفەیی هەن، بریتین لە 21 سیمینار، کە هەریەکە لەو سیمنارانەش بریتین لە چەندین بەش.**

**ئەم باسانە، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، لە چوارچێوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا هێڵرابۆوە، پاشان و بەم دواییە، بڕیاردرا، کە تەواوی ئەم باسانە عەلەنی بکرێتەوە و بخرێتە بەر دیدی ئەندامان.**

**ئەم نووسراوەی خوارەوە، وەرگێڕاوی بەڵگەنامەیەکە لەوبارەوە، بۆ خوێنەرانێکی جێبایەخ.**

**سالار ڕەشید**

## دەربارەی

# "بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان"

**لە: حەمیدی تەقوایی**

**بۆ: ئەندامانی حیزب**

**بابەت: بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکانی نێو ڕابەری حیزب**

**بەروار:** 22/ 08/ 2004

هاوڕێیانی خۆشەویست

هەتا ئێستا، لە ڕەوتی خیلافاتە فکرییەکانی نێو مەکتەبی سیاسی حیزب، کەموزۆر ئاگادارن. ئەم باسانە لەپاش مەرگی نادر، لەسەر هەندێك مەسەلەی بنچینەیی وەکوو، ڕابەری جەماعی و فەردی، سەرنگونی و پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی و تاکتیکی ئێمە لە دوای پاشەکشە، حیزب و شۆڕش، حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕێك کە ئەشێ لە ئێراندا بێتە کایەوە، شورا، مەسەلەی لەدەسگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، هەروەها بابەتگەلی تری لەم شێوەیە و لەم بوارانەدا، لە نێو ڕابەری حیزب دەستی پێ کرد. دوو مانگ پێش ئێستا، ئەم باسانە خرایە بەردەم کادرانی حیزب و ئێستاش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسەر پێشنیاری من و لە پاش پەسەندکردنی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە, بەڵگەنامەی باسە سیاسییەکانی مەکتەبی سیاسی, بەشێوەی نووسراو و بەشێوەی شەفەیی, لەسەر ئەو مەسەلانەی کە باسمان کرد, ئەخرێتە بەردەم ئەندامانی حیزب. عەلەنیکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە, بەمەستی ئاگاداربوونی ئێوەیە لە ڕەوتی باس و خیلافاتە فکرییەکانی نێو ڕابەری حیزب و بۆئەوەیە کە لەهەر شار و لەهەر یەکەیەکی حیزبیدا, لە سیمینارەکان و بەبەشداری کادرانی حیزب, قسەوباس بکرێت و بیروڕا بگۆڕدرێتەوە. هەروەکوو ئاگادارن, لە بەرواری 18 و 19ی سێپتامبەر, کۆنگرەی فراوان و ڕاستەوخۆی ئەندامان و کادرانی حیزب, بە مەبەستی کۆبەندکردنی ئەم باسانە و ئەنجامگیری سیاسی و ڕێکخراوەیی لێیانەوە, بەڕێوەئەبرێت. لەم ڕووەوە, ئاگاداربوونی ئێوە لەم لە باسانە, زۆر پێویستە. هیوادارم فرسەتی ئەوەتان هەبێت کە ئەم بەڵگەنامانە, بە وردی بخوێننەوە, بیروبۆچونەکانی خۆتان بگۆڕنەوە, لە پلمیکەکاندا بەشداری بکەن و لە کۆنگرەی پێنج, کە بۆ حیزبی ئێمە چارەنووسسازە, گشت ئامادە بن.

بژی حیزب

بە هیوای دیدار لە کۆنگرەی 5دا

**حەمیدی تەقوایی**

22 **ئاب** 2004

*           *           *

ئەم بەڵگەنامەیە:

**"نامه حمید تقوایی به اعضای حزب درباره اسناد اختلافات سیاسی درون حزب"**

لەم ئەدرێسەوە:

[www.anternasional.com/bahs-hkk.htm](www.anternasional.com/bahs-hkk.htm)

وەرگیراوە

❊

**(سالار ڕەشید)**

**لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی**

2004 .10 .10

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com